# بـایکۆت

**لە هەڵبژاردنێکدا بەشداری مەکەن کە بۆ سەپاندنی حکومەتێکی قەومی ئیسلامی‌یە لە عێراق و، کوردستان بە زۆر دەخاتە ژێرچەپۆکی ئەم حکومەتەوە**

**Boycott**

بلاوکراوەیەکی رۆژانەیە حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق دەری دەکات ژمارە (1) 2005/1/16

### بەشداری لەهەڵبژاردندا مەکەن!

وابریارە 30ئەم مانگە هەڵبژاردنێك لەعێراقدا بەرێوە ببرێت، تا لەورێگایەوە ئەنجومەنی نیشتمانی عیراق و ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان بکەونە سەر پیێ ی خۆیان.

هەلومەرجێك کە ئەم هەڵبژاردنەی تیادا بەرێوەدەبرێت، لە بەشی ناوەراست و خواروی عیراق هەلومەرجی جەنگ و بەیەکدادانی دووئۆردوی ئینسانکوژو دژی ئینسانی کە تیرۆریزمی ئیسلامی و تیرۆریزمی دەولەتی ئەمریکایە، لەکوردستانیش هەلومەرجی ژێرسایەی دووحزبی میلیشای چەکداری خۆشخزمەتی ئەمریکاو وولاتانی ناوچەکەن کە زیاتر لە 13 ساڵە نان و ئاوات ئارەزوەکانی خەڵکی کوردستانیان بە بارمتە گرتووە تا لەورێگایەوە خەڵکی کورستان بێئیرادەو دەستە مۆبکەن.

ئامانجیش لەو هەڵبژاردنانە لەسەرئاستی سەراسەری بۆبنیاتنانەوەی پەیکەرەی دەوڵەتێکی قەومی وئیسلامی یە و لەکوردستان بۆ زیندوکردنەوەی لاشەی پەرلەمانێکی بی گیانی 13ساڵەی رابردو و رەسمیەتدانە بەدەسەڵاتی دووحزبی میلیشیایی و بەشدار لەحوکمی دەسەلاتداریتی قەومی وئیسلامیدا. و بەکردەوەش گێرانەوەی خەڵکی کوردستانە بۆ چوارچێوەی دەوڵەتێکی قەومی عەرەبی و ئیسلامی.

بەجیا لەوانەش ئەم هەڵبژاردنە لەهیچ ڕوێکەوە ناکرێ ناوی هەڵبژاردنی لێبنرێت، چ لەوبارەدا کە جەنگی تیرۆرستان بەردەوامەو ئەمنیەت بۆ کەس نیە، چ لەوبارەوە کەهەموو هێزو لایەنەکانی بەشدار لەو هەڵبژاردنەدا هێزی دژی هەڵبژاردن و دیموکراسین بەمانا باوەکەی.

بۆیە نابێ خەڵکی کوردستان و عێراق بەشداری لە سیناریۆیەکی ئاوا گالتەجاریدا بکەن و مۆر بدەن لە ئایندەیەکی لیخن، کە لە رێگایەوە دەیانەوێ عێراق بکەنە دۆزەخ بۆ خەڵکەکەی و نەوەکانی داهاتوو.

**عبدالله مەحمود**

**ریبوار ئەحمەد لە وەڵامی پرسیارێکی بلاوکراوەی ئۆکتۆبەردا سەبارەت بە "هەلبژاردن":**

ئۆکتۆبەر/ *دوا قسەو پەیامی ئیوە بۆ خەلکی ئازادیخواز لە بارەی سیناریۆی هەلبژاردنەوە چیە؟ بە تایبەت لە بەرامبەر ئەو پروپاگەندەیەی کە ناسیونالیزمی کورد دەیکاتو دەلیت "بەشداری کورد لەم هەلبژاردنە بۆ بەهیزکردنی دەوری کورد لە حکومەتی مەرکەزیو مسۆگەرکردنی مافە نەتەوەییەکانیان پیویستە"؟*

ریبوار ئەحمەد/ قسەو پەیامی من ئەوەیە کە هەر هەلبژاردنیك چ لە ئاستی کوردستاندا یان لە ئاستی عیراق، پیش ریفراندۆم بەتالّەو هیچ مەشروعیەتیکی نیە. خەلکی کوردستان نابێ بە پروپاگەندەی ناسیونالیزمی کورد بۆ پیویستی بەشداری لە هەلبژاردن بە بەهانەی "بەهیزکردنی دەوری کورد لە حکومەتی مەرکەزی" فریو بخۆن. ئەوەی ناویان ناوە هەلبژاردن سیناریۆیەکە بۆ گیرانەوەی کوردستان بۆ ژیربالی دەولەتی مەرکەزی بەبێ ئەوەی دانی بە مافەکانی خەلکی کوردستاندا نابیت. ئەوەی ناوی نراوە "بەشی کوردو دەوری کورد لە دەولەتی مەرکەزی" پوچو فریوکارانەیە، لە دەیان سالی رابردوودا، لەسەردەمی پەلامارە توندەکان بۆسەر خەلکی کوردستان، لەسەردەمی ئەنفالو کمیابارانو کوشتاری جەماعی خەلکی کوردستاندا، هەمیشە هەر وەکو ئیستا جیگری سەرەك کۆمارو جیگری سەرەك وەزیرانو وەزیرو پاریزگاری کورد لە دەولەتی مەرکەزیدا هەبووە بەبێ ئەوەی بە ئەندازەی تالە دەزویەك دەوری هەبوبیت لە بەرگرتن بەو کارەساتانەی بەسەر خەلکی کوردستاندا هینران.

*پاشماوەی بۆ ئەو دیو*

## تاریکی ئایندە "هەڵبژاردن" لە کوردستان وا هەر لە ئیستاوە دیارە.

**شەمال علی**

گرتن و زیندانی کردن وکوشتار لەسەر هەڵسوڕانی سیاسی لە لایەن هەردوو حیزبی دەسەڵاتداری پارتی و یەکیتی نە تازەیە ونە عەجایب. 13 ساڵی ڕابردووی دەسەڵاتی هەردوو حیزب پڕ بوون لە نموونە وفاکت سەبارەت بە چیکڵدانە تەنگی و سەرکوتگەری ئەم دوو حیزبە. بەڵام ئەوەی لەم ڕۆژانەدا مومارەسە دەکرێت پەیامەکەی هەندێك تاییەتمەندی هەیە. ئەم پەیامە دەلیت نەکەن باوەڕ بە قسە وریکلامی هەڵمەتی "هەڵبژاردن" بکەن. دەرکردنی لیستی هاوبەش ودابەشکردنی کورسیەکانی پەرلەمانی داهاتوو هەر لە ئیستاوە بڕیارنییە هیچ ئاڵوگۆڕێك بەدی بهێنێت. ئەگەر کەسیك لە بازیان پیێی وایە دەتوانیت لە ناوچەی دەسەڵاتی یەکێتی پارتی بیت وبێ عارەق لێی دەرچێ دەبێ هەر لۆمەی خۆی بکات.

. ئەگەر خەڵکی (دۆشیوان) و(سەرمەزران)* ی لای هەولیر پێیان وایە دەتوانن یەکێتی بن و لە ژێر سیبەری پارتی ئاسودە بژین زۆر هەڵەن. با ڕۆشن بێت... ئایندەی ئەم هەڵبژاردنە لە ڕابردووی خراپتر نەبێت باشتر نابیت، هەرکەس باوەڕی بە دەمج کردنی ئیدارە وکۆتایی هینانی سیستەمی حیزبۆکراتی ئیستای کوردستان دوای هەڵبژاردن هیناوە، هەلەیە وزۆریش هەڵەیە. ئەنجامی هەڵبژاردن جگە لە ڕەسمیەت بەخشین بە واقعی سیاسی ئیستا ودەسەڵاتی موتلەقی پارتی ویەکیتی، مەگەر شەڕی ناوخۆ دەنا هیچی تر نابیت.

---

* بۆ خویندنەوەی خروقاتەکانی پارتی و یەکیتی لە هەلمەتی هەلبژارندا بروانە هاولاتی 207

**بۆ رەتکردنەوەی بەزۆر لکاندنەوەی کوردستان بە عێراقەوە بایکۆتی هەڵبژاردن بکەن!**

پاشماوه چاوپێکەوتنی رێبوار ئەحمەد

من دەلیم بە تایبەتی بەشداری خەلکی کوردستان لەم هەلبژاردنە کارەساتە. ئەوە کارەساتە خەلکی کوردستان بەشداری بکەن لە دەنگدان بە حکومەتیك، یان بەشداری لە هەلبژاردنیك بکەن کە مەبەستیەتی حکومەتیك بهینیتە سەرکار کە سەرە زلەکانی، هەروەکو صدام باسی ریفراندۆم بە خیانەتو باسی جیابونەوەی کوردستان بە کفر دەزانن. ئەمە میحوەری هەلویستی چەسپاوی ناسیونالیزمی عەرەبو ئیسلامی سیاسیە بەرامبەر کیشەی خەلکی کوردستان. خەلکی کوردستان نابێ بەشداری سیناریۆیەك بکەن کە دەیەوێ شەرعیەت بە دەسەلاتی ئەم شۆڤینیستو کۆنە پەرستانە بدات. خەلکی کوردستان دەبێ ئەو راستیە بزانن کە ئەگەر چونە پشتی پیکهاتنی ئەم حکومەتە کۆنە پەرستە، ئیتر سبەینێ گالتە بە خواستەکانیان دەکریت، ریفراندۆم وەکو خیانەت قەدەغە دەکریت.

خەلکی کوردستان نابێ لە بیری ئەوەدابن کە چۆن بتوانن بەش لە نیو حکومەتیکی کۆنە پەرستو شۆڤینیستدا بۆ خۆیان پەیدا بکەن، لەویدا جیگای بەشی ئەوانو خەلکی ئازادیخواز نابیتەوە، دەبی لە بیری ئەوەدابن کە چۆن چارەنوسی خۆیان لەو حکومەتە جیابکەنەوە. ئەحزابی ناسیونالیستی کورد شیوەن بۆ بەشی خۆیان دەکەن، تالەبانیو بارزانی خولیایی بەشە دەسەلاتی خۆیانن، ئەوان نە ئیستاو نە هیچ کات رابەرو نوینەری خەلکی کوردستانو خواستەکانیان نەبوونە، بەلکو هەمیشە خۆیان سواری شەپۆلی نارەزایەتی خەلك کردوەو سەودایان بە خواستەکانیانەوە کردوەو هەر رۆژەی بە نرخی ئیمتیازیك بۆ خۆیان فرۆشتویانە. ئەوان کە دۆستی نزیکی کۆنە پەرستانو شۆڤینیستانی وەکو یاوەرو سیستانیو عەلاویو حەکیمو ئەو کۆپتەرانە بن کە دوینێ هەولیریان بۆردومان کرد، ئیتر ناتوانن لافی رابەریو نوینەرایەتی خەلکی کوردستان لیدەن. خەلکی کوردستان دەبێ لیگەرین ئەم سەوداچیانە بە تاك بکەنەوەو لە پیلانی فەرزکردنی حکومەتیکی کۆنە پەرستانەی قەومی-ئیسلامی-عەشایەری، بەسەر خۆیانو خەلکی عیراقدا بەشداری نەکەن. بانگەوازی من ئەوەیە لەم سیناریۆ گالتەجارانەیە بەشداری نەکریتو بۆ ریسواکردنو ناکام کردنەوەی، بۆ بەرگرتن لە ئاکامە تالو کارەساتبارەکانی، هاوشان لەگەل حیزبی کۆمۆنیستی کریکاری بە هەموو توانا تیبکۆشن.

**ئەگەر ووتارت بۆ" بایکۆت" نارد، ئەم خالآنەی خوارەوە لەبەرچاوبگرە :**

1– بایکۆت تەنها ئەو ووتارانە بلآودەکاتەوە کە کەمتر لە 200 ووشە بێت.
2– هیچ ووتارێك بۆ خاوەنەکەی ناگێردرێتەوە.
3– رەچاوی سەرو بۆرو خالبەندی بکات.
4– سەرنوسەر ئازادە لە کوتکردنەوودەسکاری کردنی ووتارەکان، ئەگەر ناتەوێ دەستکاری بکرێت،تکایە لەگەلْ ووتارەکەدا تێبینی بنوسە.
5– هەر بابەتێك کەلە شوێنێکی تردا بلآوکرابێتەوە، بایکۆت بلآوی ناکاتەوە.
6– ئەو ووتارانەی دەینوسن با بە فۆنتی ali sahifa بێت.
7– ناو و ئیمزا لە ووتارەکان بدەن.
8– بایکۆت لە بلآوکردنەوەو نەکردنەوەی هەر بابەتێك ئازادە.

**وەلآمێك بە عارف تەیفور و عبداللەی حاجی مەحمود سەبارەت بە هەڵبژاردن** — **سامان ئەحمەد**

دیمانەکەی 13 ی مانگی عارف تەیفور و عبداللەی حاجی مەحمود ئەندامانی مەکتەبی سیاسی پارتی و حزبی سۆشیالیست لە سایتی پەیامنێردا ڕاستەوخۆ لەبەرامبەر هاتنە مەیدان و خۆنیشاندانی کەمپینی ڕیفراندۆم بۆ سەربەخۆیی کوردستان و دەنگی خەڵکی ئازادیخوازی کوردستانە کە نایانەوێ چارەنووسی خۆیان بە هەڵبژاردنی ساختەی عێراقەوە گرێ بدەن و داوای سازدانی ڕیفراندۆمێکی گشتی خەڵکی کوردستان دەکەن بۆ بڕیاردان لەسەر چارەنووسی خۆیان. ئەوان لەم هاتنەمەیدانەی دەنگ و خواستی خەڵکی کوردستان نیگەرانن چونکە خۆیان و حزبەکانیان ئاغا ئاسا خۆیان کردووە بە دەمڕاست و بە ناوی خەڵکی کوردستانەوە دەیانەوێ بۆ چەند کورسییەکی حزبەکانیان خەڵکی کوردستان بەدوور لە خواستی خۆیان پەلکێش بکەنەوە بۆ ژێر سایەی دەسەڵاتێکی ئیسلامی و قەومی و عەشایەری لە عێراقدا ، جارێکی تر و بۆ دەورەیەکی دەیان ساڵی تر لە بۆتە و دڵەڕاوکێ ی کێشە و شەڕی قەومی دا ڕایان بگرن .

عارف تەیفور دەڵێ : ( هەندێ خوێندەواری تازە پێگەشتوو کە بە ئەفکاری سەرلێشێواویەوە هاتوونەتە مەیدانەوە و هانی خەڵك دەدەن نەچن بۆ دەنگدان و خۆشیان بەرنامەیەکیان پێ نیە کە بەدیل بێت ). ئایا دەنگدانی گشتی خەڵکی کوردستان بۆ دیاریکردنی چارەنووسی خۆی ڕێگایەکی تر نی یە و سەرلێشێواوی یە ؟ بەڵام پەلکێشکردنی خەڵکی کوردستان بۆ هەڵبژاردنی ئەمڕۆی عێراق و شەرعیەتدان بە دەسەڵاتێکی کۆنەپەرستانەی قەوم و قەبیلە و مەزهەب و عەشیرەتەکان کە هەریەکەیان چەقۆ لەوی تر دەسوێ ڕێگایەکی دروستە ؟ یان ڕاستی یەکەی ئەوەیە خۆتان و ئەهل و حزبی دامەزراندنی دەوڵەت و بەڕێوەبردنی کۆمەڵگا نین و دەست لە کوێخایەتی کردنی خەڵکی کوردستانیش هەڵناگرن هەر ڕۆژەی بۆ بەرژەوەندی حزبەکانتان بە دار و بەردێکیاندا دەدەن . ئەوەی ڕێگایەکی تریش بخاتە بەردەم خەڵکی کوردستانەوە بە سەرلێشێواویان لە قەڵەم دەدەن .

عبداللەی حاجی مەحمودیش کە ئیمکانە دوای بگرەو بەردەی زۆر یەکێتی و پارتی چەند کورسی یەکیان بۆ پێ دابن ، ئەوەندە توندە لەسەر هەڵبژاردن هەڕەشەی سەندنەوەی مافی نیشتەجێ بوونیش لەو خەڵکانە دەکات کە بەشداری هەڵبژاردن نابن و دەڵێ : ( ئەو هاووڵاتیەشی کە هەر دەنگ نادات .. هەق نیە لە کوردستان بژی) . ئەم توندیەی حزبی سۆشیالیست هەر بۆ خۆیان باش نی یە، چونکە جگە لەوەی هەڵوێستێکی گاڵتەجاڕانە و سەرکوتگەرانەی هەڵبژاردنە و ناوەرۆکی پوچ و کۆنەپەرستانە و دژی دیموکراسی ئەم هەڵبژاردنە بەیان دەکات، هاوکات نەکا سبەینێ لەو بەشەی کە وەعدیان پێ دراوە کەمتریان پێ بدەن و خۆیان پشت لە هەڵبژاردن و پەرلەمان بکەن

**بـایکۆت**

**بلاوکراوەیەکی رۆژانەیە حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق لە پەیوەند بە هەڵبژاردەنکانی عێراق و کوردستانەوە دەری دەکات**

==============

سەرنووسەر: عبداللە محمود
دەستەی هونەریی: عمری خطاط و ئارام علی

بۆ پەیوەندی گرتن:
ئیمێل: Nauzad_mahmud@yahoo.com
تەلەفون: 0046739570436

هەڵبژاردن بۆ سەپاندنی دەوڵەتێکی قەومی ئیسلامییە، دەنگی مەدەو سیناریۆی هەڵبژاردن ریسوا بکە!